


# کۆچی کۆڵە خاڵییەکان

**ئەنوەر فەرەج**

دیسانەوە چاڵە زستانییەکەی سەرم
وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە، پڕبۆتەوە لە توولەڕێی تێکئاڵاو و
لە سادەیی گیرخواردن و
لەبزێویی ڕاخواستن و بۆنی سێو و
لە داوەکانی پێدەشت و شەڕی کێو و
لە چی و.. لە چی..
جا لە چی نا؟
سەفەر یان کۆچ؟
چی ناو بنێم گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە دیسان (بڕیارمداوە کۆچ بکەم)!!

کۆچ بەرەو کوێ؟
بۆ کوێ.. بۆ کوێ ێ ێ؟
ببەخشن خۆ لەیادم کرد پێتان بێژم:
ئەز وەک کەس نییم!
لە وەرزو ساڵی سەفەرما، هەرگیز خەرمانی ئەزموونم گردە نابێت.
کۆچم نییە، کورت یان درێژ لە دواجاردا
هەبوویەکمی لە خاکی نەبوون نەنابێت.
سەیریش نییە
ئەوە دوایەمین نهێنیی واتای کۆچە:
دۆڕاندنی هەبووەکان
دوایەمینیش دۆڕانی خۆت.
بەر لەوەی چاوی بزێوتان، چەکوشی پێڵووتان بدات بەسەر مێزی دەماختانا
فەرموون ئەمە کورتەی گەواهی نامەکەم:
باش بیرم دێت، یەکەمین جار
یەکەمین هەبووی ونم کرد لە سەفەری گەورەبوونما
ئامێزی گەرمی دایکم بوو.
ئیدی لەو دەمەوە زانیم (گەورە بوون هەمووی دۆڕانە)!!
دووەم سەفەر
سەفەرم کرد ڕووەو جوانیی پاکیزەیەک.
گچکەیەکی ڕیوەڵە بووم
پێتان بێژم لەو سەفەرەدا چیم دۆڕاند؟
جوانیی!!
بۆ هەمیشە جوانیم لە چاوما دەرهێنا.
سێیەمین کۆچ
سەفەرێکی گەلێک کپبوو (عیشقە سەفەری ئازادی)
سەرئەنجامیش پاش ئازادی
بەدوور لە باڵای شەهیدان، بەدوور لە خەونی نیشتیمان
نەفرەتم کرد
لە ئێسکی پیری تفەنگ و
گووتارەکانی سیاسەت و
پرێنسیپ و دیسپلین و
تێکڕای کەرەستەی تێکۆشان!!!!!
چوارەمین کۆچ...
ئاخخخ لەم کۆچە بێ سیمایە
تەنانەت بە گێڕانەوەش، ئەم زمانەم
هەر لە لەرزەی گەڵا دەچێت لە هەنسکی ڕەشەبایا

هه..ن .. ده.. را..ن
ئاییی هەندەران
من چەند خواستی کەم و سادەو
تۆش چەند خواستی گەورەو ئاڵۆزت گەرەکە.
چیم مابوو تۆ لێم زەوت نەکەیت؟
ئەرێ ئەوەندەت بەس نییە
هەرچی یادو مێژوو وشەو
هاوڕێ و شتگەلێکم هەبوو، وا لە تەمیی باڵاتدایە؟!
پێنجەمین کۆچ..
جانتایەکی
تەواو.. تەواو.. تەواو خاڵی، کۆڵی ئەم کۆچە نوێیەمە.
سەفەر ئاخۆ
لە جانتایەکی خاڵیدا چیم لێ دەبات؟
سەفەر ئاخۆ
بۆچی بە توانجی خەندەیەک پێتان نەڵێت
هە... کۆڵی کۆچێکی نوێي پێیە؟
خۆشم تەوا ا ا ا وو بەدگومانم و ساکاوم
ئاخۆ ئەم کۆچە بۆ کوێیە؟!!

